## ڕاگەیاندنێک لە کۆنفرانسی

## پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستانەوە

سەرە تا ی ئاگۆستی 2007

# پارتی کار، نە دەفرۆشرێ و نە دەکڕدرێ!!

پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان هەر لە دامەزراندنییەوە، وەک پارتیکی چەپی کوردستانیی، لە خەباتی نیشتمانیی و ڕزگاریخوازییدا هاوسەنگەری هێزو لایەنە کوردستانییەکان بووە، بە [ینک و پدک] یشەوە. بەلآم لە بواری کۆمەلآیەتیدا، خاوەن دیدو جیهانبینیی تایبەت بە خۆی بووەو، حزبێکی بە جیاهەڵکەوتوو بووە لە باشووری کوردستاندا.

کاتێک دوای ڕاپەڕین، گەلەکەمان بوو بە خاوەنی پارلەمان و حکومەتی خۆماڵیی، ئێمە چاومان لەوە بوو ئەم دوو دەزگایە ببنە دوو دەزگای شەرعیی و یاسایی و قامەت بەرز لە ناوچەکەداو لە گشت ئاستەکاندا نوێنەرایەتی گەلەکەمان و کێشە ڕزگاریخوازییەکەی بکەن. بەڵام هەر زوو ئەم تاقیکردنەوەیە کە بەرهەمێکی سروشتی ڕاپەرین بوو، بە ئاقارێکی تردا ڕۆیشت و حکومە ت و پارلەمان کران بە دوو دامەزراوەی کەنەفت و پاشکۆ بە حزب.

کە شەڕی ناوخۆییش هەڵگیرسێنرا، پارتی کار بە توندی دژی ئەو شەڕە نگریسە ڕاوەستاو هەموو ئەو بیانووانەشی لە قاودا کە بۆ شەرعییەتدان بە کوردکوشتن دەهێنرانەوە. هەروا ملی بە فشاروگوشاری دوو لایەنە بە شەرهاتووەکەش نەداو، نەبووە دەسکەلا بە دەستی تەرەفێکەوە دژی ئەویتریان.

کاتێکیش گەندەڵیی دارایی و ئیداریی و موراڵیی و دزینی داهات و سامانی گەل و وڵآتەکەمان دەستپێکرا، پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بە توندی دژی ئەم تالآنیی و دزییە وەستایەوە، کە ئەمڕۆ بۆتە بەشێک لە کولتووری حوکمڕانیی و بەرژەوەندی مافیاکانی ناو حزب و دەسەلآت لە کوردستانداو، زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانی برسیکردووەو، هەڕەشە لە خەڵکی کەمدەرامەت دەکاو، پڕۆسەی ئاوەدانکردنەوەو بووژاندنەوەی لە کوردستان لەبارچواندوەو، فکری ڕزگاریخوازیی لەناو گەلەکەماندا کاڵکردۆتەوە.

نەهامەتیی و بەدبەختییەکانی پاشماوەی ناوچە ئەنفالکراوو دەڤەرە کیمیابارانکراوەکان و، کێشە زەبەندەکانی لاوان و ژنان و خوێندکاران، کە زۆربەی زۆری کۆمەڵگەی کوردەواریی پیکدێنن شایەتحاڵی ئەو ڕاستییانەی سەرەوەن.

لە لایەکی ترەوە مانە وەی گرفتی وزەی کارەباو نەبوونی تۆڕی ئاوی خاوێن بۆ خواردنەوەو، نەبوونی تۆڕی گونجاوو هاوچەرخی ڕێگاوبان لە کوردستاندا، بەرهەمێکی تری ئەو دزی و گەندەڵییەیە، کە سەرتاپای دامودەزگا حوکمڕانییەکانی گرتۆتەوەو، هەڕەشەیەکی سامناک لە ئایندەی بووژاندنەوەی ئابووری و مرۆیی و شارستانییەتی کۆمەڵگەی کوردستان دەکات.

له هه‌مان كاتدا پرۆسه‌ی سیاسیی له‌ كوردستاندا، به‌ كۆمه‌ڵێک مه‌ترسیی ناوچه‌یی و جیهانیی ئابڵۆقه‌ دراوه‌ كه‌ كه‌س نازانی [مفاجئة] تراژیدییه‌كان له‌ كام ئانوساتدا به‌ چه‌شنی كۆمیدیا دووباره‌ ده‌بنه‌وه‌. كه‌چی سیاسه‌تمه‌داران و حوكمڕانانی كوردستان، له‌به‌ر سه‌رقاڵییان به‌ گه‌نده‌ڵیی و هه‌رچی زۆرتر خركردنه‌وه‌ی سه‌رمایه‌ ناشه‌رعییه‌ كه‌ڵه‌كه‌كراوه‌كانیان، نه‌ ده‌یانپه‌رژێته‌ سه‌ر پرۆسه‌ سیاسییه‌كه‌و، نه‌ گوێ له‌و ئێش و ئازارو بێزاریی و ناڕه‌زاییانه‌ی كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی كوردستان ده‌گرن، به‌ تایبه‌تی ژنان و لاوان و خوێندكاران و ناوچه‌ ئه‌نفالكراوه‌كان، كه‌ به‌ چه‌شنێكی ئه‌وتۆ په‌نگی خواردۆته‌وه‌، دره‌نگ یان زوو به‌ گژ گه‌نده‌ڵییه‌كانی ده‌سه‌ڵاتدا ده‌ته‌قێته‌وه‌. ته‌نیا ڕاپه‌رینێكی له‌و چه‌شنه‌ ش ده‌توانی، سنوورێک بۆ گه‌نده‌ڵكاران دابنێ و به‌شێک له‌و ملیارده‌ دۆلاره‌ی له‌ سامان و داهاتی ولاّته‌كه‌مان دزراوه‌، له‌ دزه‌كان بسه‌نێته‌وه‌و گه‌نده‌ڵكاران بداته‌ دادگاو، داهات و سامانی ولاّت بۆ ئاوه‌دانیی و بووژاندنه‌وه‌و بنیاتنانی ژێرخانی نیشتمانێک ته‌رخان بكات، كه‌ تا ئێستا له‌مێژوودا هه‌لی وا له‌باری بۆ سه‌ربه‌خۆیی بۆ نه‌ڕه‌خساوه‌.

كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی كوردستان

ڕای گشتیی جیهان

پارتی كاری سه‌ربه‌خۆیی كوردستان، هه‌ر له‌ساڵی دامه‌زراندنییه‌وه‌1993 تا ئێستا، ته‌واوی وزه‌و تواناكانی خۆی بۆ ئه‌وه‌ وه‌گه‌رخستووه‌، كه‌ كوردستان به‌ره‌و ئاینده‌یه‌كی دیموكراسی و ئازادی و سه‌ربه‌خۆیی بڕوات، به‌لاّم هه‌میشه‌ له‌ لایه‌ن زلحزبه‌كانه‌وه‌، په‌لاماردراوه‌و گێچه‌ڵی بۆ سازكراوه‌.

ساڵی 2000 پارتی دیموكراتی كوردستان، ژێراو ژێر له‌گه‌ڵ كاک [یوسف حه‌ننا، سكرتێری ئه‌و ده‌مه‌ی پارته‌كه‌مان] ، پیلانی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی پارتی كارو چوونه‌ ناو [پدک] یان خسته‌ گه‌ڕ. كاتێک كه‌ زانییان ئه‌م كاره‌یا بۆ مه‌یسه‌ر نابێت، به‌ بڕیارێكی ڕه‌سمیی وه‌زاره‌تی ناوخۆی ئه‌و كاته‌ی ئیداره‌ی هه‌ولێر، پارتی كاریان قه‌ده‌غه‌كرد.

دوای هه‌وڵ و ته‌قه‌لایه‌كی هێمنانه‌و پشوو درێژ، ئێمه‌ توانیمان ئیجازه‌ی به‌ ئاشكرا كاردنی پارته‌كه‌مان وه‌ربگرینه‌وه‌. له‌ هه‌مان كاتدا سه‌ركردایه‌تی پارتی دیموكراتی كوردستان و شه‌خسی ڕێزدار مه‌سعوود بارزانی و كاک نێچیرڤان بارزانی، پێیان ڕاگه‌یاندین كه‌ جه‌نابیان ئاگایان له‌و كاره‌ نه‌بووه‌و جارێكی تر ڕێگه‌ ناده‌ن كاری وا له‌ سایه‌ی ده‌سه‌ڵاتی ئه‌واندا دووباره‌ببێته‌وه‌.

به‌لاّم به‌ داخه‌وه‌ وا جارێكی تر ئه‌و كاره‌ دووباره‌كرایه‌وه‌و، زیاتر له‌ ساڵێكه‌ به‌شی دووه‌می [كه‌تنه‌كه‌ی ابوحكمت] خراوه‌ته‌ كار. ئه‌مجاره‌یان به‌ناوی [سه‌نگه‌ر گواستنه‌وه‌]، له‌ ڕێگه‌ی كۆده‌تایه‌كی حزبییه‌وه‌ ژێراو ژێر ژماره‌یه‌ک كادرو ئه‌ندامی سه‌ركردایه‌تی ئێمه‌یان كڕی و [كه‌تنێكی ابوحكمه‌تانه‌یان] سازكردو سكرتێری هه‌ڵبژێردراوی كۆنگره‌ی پارته‌كه‌مان و ژماره‌یه‌ک ئه‌ندامی سه‌ركردایه‌تییان [تجمید]كرد و ، چه‌ند كه‌سێكی ئاماده‌باش بۆ سه‌نگه‌رگواستنه‌وه‌ بۆ ناو پارتی دیموكراتی كوردستانیان برده‌ سه‌ركردایه‌تی و ده‌ستیان به‌سه‌ر باره‌گای سه‌ركردایه‌تی پارتی كاردا گرت.

ئێمه‌ چوار مانگ په‌ر له‌م كه‌تنه‌و ده‌ستگرتن به‌سه‌ر باره‌گای هه‌ولێردا، له‌ ڕۆژی 16-4-2007 به‌ نامه‌یه‌كی ڕه‌سمیی برای هێژامان مه‌سعوود بارزانی سه‌رۆكی هه‌رێممان له‌م پیلانه‌ی [پدک] دژی پارتی كاری سه‌ربه‌خۆیی كوردستان ئاگاداركرده‌وه‌و، وه‌ک سه‌رۆكی هه‌رێم و سه‌رۆكی [پدک]، تكامان لێكرد

که به سەرکردایەتی پارتی ڕابگەیەنی  دەست نەخەنە کاروباری ناوخۆی حزبەکەمانەوەو چیتر گێچەڵمان بۆ ساز نەکەن و، ئەو ئازادییە [نسبی]یە سیاسییەی لە کوردستاندا هەیە، لەوە زیاتر لەکەدار نەکەن.

کەچی، پەنابردنی ئێمە بۆ سەرۆکی هەرێم ، نەک هەر هیچ وەڵامێکی نەبوو، بەڵکو لە ڕۆژی 24-7-2007 دا  مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و کەناڵە ئاسمانییەکەی، وەک بڵێی مژدەی جێبەجێکردنی بڕیاری 140 ، یان  گەڕاندنەوەی کەرکووکی دڵ و قودسی کوردستان  بۆ ناو ئیدارەی هەرێم بە خە ڵکی ڕابگەیەنن، بەهەندی وشەی [عاجباتی ئامێز] کۆبوونەوەی [سەنگەر گواستنەوە]ی بەشی دووەمی گروپی [ابوحکمەتییەکان] یان  بۆ ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، پەخش کرد.

لە هەمان کاتدا دوای نامەکەی سەرۆکی هەرێم، لە ڕۆژی 22-4-2007 نامەیەکیشمان بۆ هێژا جەلال تالەبانی وەک سکرتێری گشتیی [ینک] و سەرکۆماری عێراق ناردو، لەم کارە ئاگادارمان کردەوە، بە هەمان جۆر لە سەرکۆماریشەوە هیچ وەڵامیکمان نەدرایەوە.

ئێستاش لە ڕێگای ئەم ڕاگەیاندنەوە، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ڕێکخراوو دۆستانی پارتی کارو ، هێزە کوردستانییەکان و هێزە دیموکراتخوازەکانی عێراق و، ڕای گشتیی جیهان و ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و  نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگادار دەکەینەوە. ئەو کەتنە کۆمیدییەی کە لە ڕۆژی 24-7-2007 دا لە کەناڵە ئاسمانییەکەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە، هیچ پێوەندی بە پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستانەوە نییەو، ئەوە تەنیا ژمارەیەک خەڵکانی ناو پارتی کارن بە قەولی خۆیان و [پدک]، سەنگەریان گواستۆتەوە. سەنگەر گواستنەوەش لە فەرهەنگی سیاسیی دوای ڕاپەڕین، لای هەموان ڕوونە دەستەواژەی چ ماناو کۆدی چ بازارو ئاڵوویرێکە.

پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، ئەوە ڕادەگەیەنێت کە هەر کەس و تاقمێک لە ڕیز ەکانیدا ئازادن سەنگەر بگۆڕن، یان ئەمبەرو ئەوبەر بکەن، یان [پی لەو ئاوە بخشێنن] کە پێشتر کاک [یوسف حەننا] بۆی ڕشتوون. بەڵام کەس بۆی نییە ئاڵوویر بە ناوی پارتی کارەوە بکات، چونکە پارتی کار ڕێکخراوێکی سیاسییە، نە دەفرۆشرێ و نە دەکڕدرێ و نە مەیلی سەنگەر گۆڕینی هەیەو نە خولیای ئەمبەرو ئەوبەرکردن.

پارتی کار، پارتێکە لە مەیداندا ماوەو دەشمێنێ و درێژە بە خەباتی نیشتمانیی و کۆمەڵایەتیی خۆی دەداو دەستبەرداری هیچ مافێکی یاسایی و سیاسیی خۆی نابێت.

بە برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەڵێین، پارتی کار ڕەزە باخی هیچ دەرەبەگێک یان کەسێک نییە بە کەیفی خۆی ئاڵوویری پێوە بکات، یان ئەوان خۆیان بکەن بە کڕیاری. هەق وابوو برادەرانی [پدک] دوای کەتنەکەی [ابو حیکمەت] وازیان لەم کارانە بهینابا. خۆ ئەگەر پێشیان وابێت ژێراو ژێر توانیویانە ئەو برادەرانە بکڕن، ئەوا هەق وابوو وەک نەفەر و گروپ بیانگواستبانەوە بۆ ناو سەنگەرەکەی خۆیان، نەک بە ناوی زل و قەڵافاتی قەبەتر لەوەی هەیانە.

**بژی ئازادیی ڕادەربڕینی تاک و کۆمەڵ**

**سەرکەوتووبێ خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان، لە پیناوی گەیشتن بە مافی بریاردانی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانیی.**

**تێکشکان بۆ تێرۆرو گەندەڵکارانی سیاسیی و مافیاکانی ناو دەسەڵآت**

**ناوەندی سەرکردایەتی**

**پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان**

**ناوەندی ئەوروپا**

**ناوەندی مووسڵ، باشیک و شەنگاڵ**

**ناوەندی دهۆک، زاخۆو ئاکرێ**

**ناوەندی سلێمانی**

**کۆمیتەی کاتیی ناوەندی هەولێر**

**ڕێکخراوەکانی پارتی کار لە کەرکووک و بەغداد**

**سەرە تا ی ئاگۆستی** 2007